## نادەستوریبوونی دادگای فیدراڵی عێراق و بەکارهێنانی وەک چەکێک لە ململانێ سیاسیەکاندا

هێمن هەورامی

دادگای دەستوری، بەگشتی، لە هەموو دەوڵەتێکدا، باڵاترین دەسەڵاتی دادوەرییە و بڕیارەکانی کۆتایی و بنبڕن و تانەیان لێنادرێت، بەڵام لە وڵاتە فیدراڵییەکاندا، ئەم دادگایە لەلایەك پارێزەری سەرەکی سیستەمی فیدراڵییە، لەلایەکی دیکەشەوە گەرەنتی کارایی، بەردەوامی و سەرکەوتنی سیستەمە فیدراڵییەکەیە دەکات. بە مانایەکی دیکە، ئەم دادگایە بۆ هەر سیستەمێکی فیدراڵی، ئەگەر لە ڕێچکە و چوارچێوەی کارەکانی لانەدات، دەبێتە کۆڵەکەیەکی پتەوی سەرکەوتنی سیستەمەکە، بە پێچەوانەشەوە، کاتێك دەبێتە ئامرازێکی سیاسی و تێکەڵ بە ململانێ سیاسییەکان دەبێت، یان دەکرێت، ئیتر دەبێتە ئامرازێکی مەترسیدار و بنکۆڵی کۆی پرۆسەکە دەکات و دووریش نییە سەرەنجام، سیستەمەکە داتەپێنێت، چونکە خودی سیستەمی فیدراڵی لەسەر هاوسەنگیەکی ورد و هەستیار بونیاد نراوە کە لایەنە بەشداربووەکانی بە دانوستان و ڕێکەوتن پێی گەیشتوون و لەنێو دەستوردا جێگیرکراوە.

نموونەی بەرچاوی ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دادگا دەستورییەکان لە وڵاتە فیدراڵییەکان زۆرن، بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستە مەترسییەکانی نموونە پێچەوانەکەیە، کە دەکرێت ئەزموونی ئێستای عێراق دیارترینیان بێت، چونکە ئەم دادگایە، وێرای ئەوەی خۆی دەستوری نییە و بەپێی بنەما بەرکارە دەستورییەکان دروست نەبووە، لە ئێستادا وەك ئامرازێکی سیاسیی لە ڕێچکە و ڕێڕەوە دیاریکراوەکەی خۆی لایداوە و وەك ئامرازێکی شکاندنی ڕکابەرەکان لە ململانێ سیاسییەکان کار دەکات.

### پاشخانی دادگای دەستوریی و فیدراڵی لە عێراق دا

لە عێراق، یەکەم دادگای دەستوری لە ماددەکانی (٨١-٨٧) ی دەستوری ساڵی ١٩٢٥ـدا دەقنوسکراوە و پێکهێنراوە. دادگاکە، وەك دامەزراوەیەکی سەربەخۆ لە عێراق دا کاری کردووە تا ئەوکاتەی سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا کاتێک لە ١٩٧٩ ئەنجوومەنی دادوەری عێراق بە "وەزارەتی دادە"وە لکێنرا و لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتیشدا هیچ پێگە و بەهایەکی نەما.

لە دوای ٢٠٠٣ ـیشەوە دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لێژنەیەکی باڵایان پێک هێنا بۆ پێداچوونەوە بە کاروباری دادگاکان و دادوەرەکان و کردنەوەی دەرگای نوێی دامەزراندنی دادوەران و دوورخستنەوەی ئەو دادوەرانەی کە ئینتیمایان بۆ بەعس هەبوو. بەمەش (٢٠%)ـی دادوەرانی عێراقیان دوورخستەوە و سەرلەنوێ دەرگای دامەزراندنی دادوەران کرایەوە. پێکهاتەی دادگاکانیش گۆڕان و ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی سەربەخۆیی خۆی وەرگرتەوە و لە وەزارەتی داد جیا کرایەوە. دواتر ئەنجومەنی باڵای دادوەری بە فەرمانی ژمارە (٣٥) لە ٢٠٠٣ دا لەسەر دەستی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان دروستکرا و بۆ ماوەیەکی زۆر دادوەر "مەدحەت مەحمود" سەرۆکایەتی دەکرد.

پاش دروستبوونی ئەنجوومەنی حوکم و دەرچوونی یاسای کاتیی بەڕێوەبردنی دەوڵەت (Transitional Administrative Law) و چەسپاندنی سیستەمی فیدراڵی، بەپێی بڕگەکانی ماددەی (44) ی یاساکە دەبوا دادگایەکی دەستوری، وەك بنەمایەکی سیستەمی فیدراڵی، دروست بکرێت. بە فەرمانی دەسەڵاتی هاوپەیمانان، حکومەتی عێراق بە سەرۆکایەتی "ئەیاد عەلاوی" فەرمانی تەشریعی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥ بۆ پێکهێنانی دادگای باڵای فیدراڵی دەرکرد. پاشان دادگاکە بە سەرۆکایەتی دادوەر مەدحەت مەحمود پێکهێنرا. کاتێك ئەم دادگایە پێکهێنرا، گفتوگۆکانی نووسینەوەی دەستوری هەمیشەیی دەستیان پێکردبوو. پاش دە مانگ لە دروستبوونی دادگاکە ، دەستوری هەمیشەیی عێراق ڕاپرسی لەسەر کرا و پەسەند کرا.

لە دەستورەکەدا، دیسانەوە بەگوێرەی ماددەی (٩٢) داوا کرابوو کە دەبێت دادگایەکی فیدراڵی بە یاسایەکی تایبەت دروست بکرێت و دەرچوواندنی یاساکەش پێویستی بە دوو لەسەر سێی دەنگی پەرلەمان هەیە. بە مانایەکی دیکە، دەستوری هەمیشەیی بواری بە بەردەوامبوونی کاری دادگا فیدراڵییەکەی کە بەگوێرەی فەرمانی ژمارە (٣٠) پێکهێنرابوو، نەداوە، چونکە ئەگەر وا بوایە و نیازی دەستوردانەرانی هەمیشەیی عێراق ئەوەبوایە کە ئەو دادگایە لە کارەکانی بەردەوام بێت، ئەوا بۆ نموونە، هاوشێوەی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کە پێش پەسەندکردنی دەستوری هەمیشەیی دروست کرابوو، بەگوێرەی ماددەی (١٣٤) دەستورەکە ڕاشکاوانە هاتووە کە دادگاکە لە کارەکانی بەردەوام دەبێت، ئاوهاش دەگوترا کە دادگای فیدراڵی لە کارەکانی بەردەوام دەبێت.

کەواتە بەپێی ماددەی ٩٢ دەبوا سەرلەنوێ و بەپێی یاسایەك، کە تا ئێستاش دەرنەکراوە، دادگای باڵای فیدراڵی بۆ قۆناغی دەستوری هەمیشەیی پێك بهێنرایە. کە ئەوەش نەکرا، ئیدی بنەمای دەستوریبوون بۆ درێژەدان و بەردەوامیدان بە دادگا فیدراڵییە کۆنەکە، بوونی نەما و بەمەش ناسنامەی دەستورییبوونی دادگاکە لەدەست درا.

پاش قەیرانە سیاسییەکانی تشرینی ٢٠١٩ و کەوتنی کابینەکەی عادل عەبدولمەهدی، دادگای فیدراڵی بەهۆی خانەنشینبوونی دادوەر فاروق سامی و پاشانیش کۆچی دوایی دادوەر عەبود تەمیمی تووشی پەککەوتن و سڕبوون هات، چونکە بەپێی فەرمانی ژمارە (٣٠) دەبوا دادگا بە ئامادەبوونی سەرجەم ئەندامەکانی کۆ ببێتەوە. بەهۆی مشتومڕیش لەبارەی میکانیزمی پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکان نەدەتوانرا شوێنی ئەو دوو دادوەرە پڕ بکرێتەوە.

وەك میکانیزمێك بۆ کۆتاییهێنان بە خۆپیشاندان و نارەزاییەکان بەڵێنی هەڵبژاردنی پێشوەختە بە خەڵك درا، بەڵام بەهۆی پەککەوتنی دادگای فیدراڵییەوە نەدەتوانرا ئەنجام بدرێت، چونکە بەپێی برگەی حەوتەمی ماددەی (٩٣)ـی دەستور، دەبێت ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکان لەلایەن دادگای فیدراڵییەوە پەسەند بکرێت. هەوڵەکان بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە دادگای فیدراڵی بەپێی ڕێککەوتنی سازانی لایەنەکان سەریان نەگرت. سەرەنجام لە ١٨-٣-٢٠٢١ دا و بە زۆرینەی سادە و بە دەنگدانی ٢٠٤ ئەندامی پەرلەمان و بەپێی یاسای ژمارە (٢٥)، هەمواری فەرمانە تەشریعییەکی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥ کرا. بەمەش هێندەی دیکە نادەستورییبوونی دادگاکە تۆختر کرایەوە. ئەمەش لەبەر ئەو هۆکارانەی کە دەیخەینە ڕوو.

**نادەستورییبوونی پێکهاتەی ئێستای دادگای باڵای فیدراڵی عێراق**

بە پشتبەستن بە خستنەڕووی ئەو پاشخانەی سەرەوە، بەشێوەیەکی حاشاهەڵنەگر، دەردەکەوێت کە ئەم پێکهاتەیەی ئێستای دادگای فیدراڵی بنەمای دەستوری نییە و نادەستورییە، لەبەر ئەوەی:

یەکەم، ئەم دادگایە بەپێی فەرمانێکی تەشریعی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥ دامەزرێنراوە و بۆ قۆناغی پێش دەستوری هەمیشەیی عێراق بووە، چونکە دەستوری هەمیشەیی بەردەوامبوونی دادگاکەی جێگیر نەکردووە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەپێی ماددەی (٩٢) داوای دەرچوواندنی یاسایەکی تایبەتمەندی کردووە بۆ دامەزراندنی دادگای فیدراڵی بۆ قۆناغی هەمیشەیی.

هاوکات، ئەو ماددەیەشی (ماددەی ٤٤)ـی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی هەڵوەشاوە، بەپێی حوکمی ماددەی ١٤٣ ـی دەستوری هەمیشەیی هەڵوەشێنراوەتەوە، چونکە دەستوری هەمیشەیی تەنها حوکمی ماددەکانی (٥٣ و ٥٨)ـی لە یاسای کاتیی هێشتووەتەوە. وەك باسیش کرا بۆ بەردەوامی دامەزراوەکانی پێش دەستوری هەمیشەیی، جگە لە ناساندنی دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها بەگوێرەی ماددەی (١٣٤) بڕیاری بەردەوامبوونی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی داوە.

دووەم، یاسایەکی تایبەت بەگوێرەی ماددەی ٩٢ ـی دەستور بۆ دادگای فیدراڵی دەرنەچوێنراوە، هەموارکردنەوەی فەرمانی ژمارە (٣٠)یش لە ٢٠٢١ دا تەواو پێچەوانەی دەستور و تەنانەت پێچەوانەی بڕیاری خودی دادگاکەشە، چونکە وەك ئاماژەی پێکراوە، دەستور داوای دەرچوواندنی یاساکەی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی پەرلەمان کردووە. یاسایەکیش کە ئەو ڕێژەیەی بۆ دیاری کرابێت، هەمان ڕێژە بۆ هەموارکردنەوەشی پێویستە. بەڵام وەك باسکرا، بە زۆرینەی سادە فەرمانە تەشریعییەکە هەموار کرایەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، خودی دادگاکە خۆی بەگوێرەی بڕیاری (١٠٧) لە ١٨-١١-٢٠١٢ دا جەخت دەکاتەوە کە پێویستە بۆ دەرچوواندن یان هەموارکردنەوەی یاسای دادگای ئیتیحادی ڕەچاوی حوکمی بڕگەی دووەمی ماددەی ٩٢ ـی دەستور بکرێت، کە پێویستە دوو لەسەر سێی پەرلەمان دەنگی پێ بدەن، کەچی پێکهاتەکەی ئێستای بە زۆرینەی ڕەها دروست کراوە.

سێیەم، هەمواری فەرمانی ژمارە (٣٠) بە یاسای ژمارە (٢٥)ی ساڵی ٢٠٢١ بە پاساوی پاڵپشت بە ماددەی (١٣٠)ی دەستور بووە. بەڵام لەڕاستیدا ئەم هەموارە ڕێک پێچەوانەی ماددەی ناوبراوە چونکە ماددەی (١٣٠) جەخت لەمانەوەی ئەو یاسایانە دەکاتەوە و کاری پێدەکرێت مادام هەڵنەوەشاوەتەوە یاخود هەموارنەکراوەتەوە بە پێی حوکمەکانی دەستور، بەڵام هەمواری فەرمانی ژمارە (٣٠)ی ساڵی ٢٠٠٥ بەپێی حوکمەکانی دەستور هەموار نەکراوەتەوە. بۆیە ئەو هەموارەش هەر نادەستورییە، چونکە دەستور بۆ دەرکردنی یاسای دادگای فیدراڵی یان هەموارکردنەوەی، دیاری کردووە کە دەبێت بەزۆرینەی دوو لەسەر سێ دەربچێت، بەڵام ئەو هەموارە بە زۆرینەی ڕەها هەموارکراوەتەوە.

چوارەم، بەڵگەیەکی دیکەی نادەستورییبوونی پێکهاتەی ئێستای دادگاکە و هەمواری یاسایەکەی ئەوەیە کە وێڕای ئەوەی یاسای هەمواری بڕیاری ژمارە (٣٠) بە زۆرینەی ڕەها (نەك دوو لەسەر سێ وەك دەستور داوای کردووە) پەسەند کرا بۆ دەرچوواندنەکەی پێویستی بە مەرسومی سەرۆکایەتی کۆمار هەیە و ئەمەش بەپێی دەستور لە دەسەڵاتە حەسریەکانی سەرۆک کۆمارە، بەڵام بۆ ئەم یاسا نادەستورییە، مەرسومەکەی لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە دەرچووێنرا. ئەم لە کاتێکدایە، سەرۆکی پەرلەمان بە هیچ شێوەیەك دەسەڵاتی دەرکردنی مەرسومی دەرچوواندنی یاساکانی نییە.

پێنجەم، پێکهاتەی دادگاکە پێچەوانەی ئەو پێکهاتەیەیە کە لە دەستوردا دەقنوسکراوە ئەمەش بۆخۆی سەرپێچیەکی دەستورییە و بەڵگەیە لەسەر نادەستورییبوونی دادگاکە، چونکە پێکهاتەی ئێستای دادگاکە هەموویان دادوەرن، لە کاتێکدا بڕگەی دووەمی ماددەی (٩٢)ـی دەستور جەخت لەسەر بوونی پسپۆڕانی یاسا و شەرعزانانی ئیسلامی دەکاتەوە لە پێکهاتەکەیدا.

شەشەم، خاڵێکی دیکەی نادەستورییبوونی دادگای فیدراڵی بریتییە لە هەموارکردنەوەی ماددەی (٣)ـی فەرمانی ژمارە (٣٠) ساڵی ٢٠٠٥، کە ڕێوشوێنی نوێی داناوە بۆ دیاریکردنی ئەندامانی دادگاکە و مافێکی لە هەرێمی کوردستان سەندۆتەوە کە بریتییە لە دیاریکردنی ئەندامانی دادگای باڵای فیدراڵی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجوومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بەڵام لە هەموارەکەدا ئەمە هەڵگیراوە. بەمەش پارسەنگ و هاوسەنگی نەتەوەیی و تەنانەت پێکهاتەیی و مەزهەبیش لە عێراق دا تێك دراوە، چونکە ژمارەی دادوەرەکان (٩) دادوەرن، لەوانە (٥) یان شیعەیە و کورد و سوننەش یەکی (٢) دادوەریان هەیە. بەپێی یاساکەی خۆیان، بڕیارەکانی دادگاکەش بە زۆرینەیە، کەواتە پێکهاتەی زۆرینە چ بڕیارێکیان بوێت دەتوانن بە زۆرینە تێیپەڕێنن.

**بەزاندنی سنوور و پرەنسیپە دەستوری و یاساییەکان**

سەرباری حاشاهەڵنەگرێتی نادەستوریبوونی پێکهاتەی ئێستای دادگای فیدراڵی عێراق، ئەم پێکهاتەیەی ئێستای دادگاکە سنوور و پرەنسیپە دەستوری و یاساییەکانیشی بەزاندووە و خۆی خستووەتە سەرووی دەستور و یاساکان و دەسەڵاتەکانی دیکەشەوە. بۆ نموونە:

**یەکەم**، بنەمایەکی جێگیر و چەسپاوی پرۆسەی دادبینی و کاری دادگاکان، بریتییە لە پابەندبوونی دادگا بە چوارچێوەی پەڕاوی داوا و سکاڵا (العريضة الدعوى)، بەڵام ئەم پێکهاتەیەی ئێستای دادگای فیدراڵی پێشێلی ئەم پرەنسیپە جێگیرەی یاسای دابینی عێراقی ژمارە (83)ـی ساڵی ١٩٦٩ ی کردووە، چونکە ئەم دادگایە هەندێك داوای بە هەل زانیوە بۆ ئەوەی زیادەڕۆیی لە چوارچێوەی داوای داواکار بکات و وەك دەرفەتێك بۆ دەستکاریکردن و جێبەجێکردنی ئەجێندای سیاسیی بیقۆزێتەوە. بۆ نموونە لە تانەکەی یەکێتیی دا لەهەمبەر یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان، داوای هەڵوەشاندنەوەی کورسی کۆتاکانی پەرلەمانی کوردستان نەکراوە، بەڵکو داوای دووبارە دابەشکردنی کراوە بەپێی بازنەکان، بەڵام دادگا ئەم دەرفەتە دەقۆزێتەوە و بەبێ بوونی هیچ پاساوێکی یاسایی و دەستوری بڕیاری نادەستوریبوونی کورسی کۆتاکانی داوە. هەروەك یەکێتیی داوای لێسەندنەوەی دەسەڵاتی باڵای دیاریکردنی شێوازی پەیوەندییەکان لەگەڵ حکومەتی عێراق بەپێی بڕگەی (٢) لە ماددەی ٥٦ ـی یاسای هەڵبژاردن نەکردبوو، بەڵام دادگاکە دێت و ئەو بڕگەیەش بە نادەستوری دەناسێنێت. ئەمەش بێگومان دەبێتە پێشێلکردنێکی ڕوونی ئەو بنەمایەی لە یاسا و لە دادگەرییدا چەسپاوە کە دەڵێت: دەعوا لە چوارچێوەی عەریزەکەیدا سنووردارە و نابێت حوکم بکرێت بە زیاتر لەوەی داواکار داوای دەکات.

**دووەم**، هەر لەو میانەیەدا، ئەم دادگایە پەیڕەوێکی ناوخۆی بۆخۆی داناوە، کە کارەساتی گەورەی یاسایی و سەقامگیری سیاسی لێکەوتۆتەوە دەکەوێتەوە، چونکە پەیڕەوە ناوخۆییەکەی سەرپێچی دەستور و تەنانەت خودی یاساکەیانە، هەروەها سەرپێچی یاسای دادبینی شارستانی "عێراق"یشە، چونکە دوو مافی بەخۆی داوە لە پەیڕەوەکەدا کە ئەوانیش مافی ڕووبەڕووبونەوە (التصدي) و مافی پاشگەزبوونەوە (العدول)ن. هەردووکیانی بەبێ بنەمای یاسایی و دەستوریی بەخۆی بەخشیوە.

**سێیەم**، ئەم دادگایە کە لە بنەڕەتدا یەکێك لە دەسەڵاتەکانی بەگوێرەی ماددەی ٩٣ ـی دەستور، بریتییە لە چاودێریکردنی دەستوریبوونی یاساکان، بەڵام بازی بەسەر ئەم دەسەڵاتەدا داوە و مافی بە خۆی داوە کە بڕیار لە بارەی پڕۆژەی بەرایی یاساکانیشەوە بدات، لە کاتێکدا هێشتا تەنها پڕۆژەن و نەبوون بە یاسا. بۆ نموونە، لە خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان دا پڕۆژەیاسایەك بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تایبەتمەند بە دادگاییکردنی سەرانی داعش پێشکەش کرابوو، لە کاتێکدا پڕۆژەکە تەنها لە قۆناغی یاساسازیدا بوو و لیژنەکانی پەرلەمان گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرد، دادگای فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (٧١) ـی ساڵی ٢٠٢١ بڕیاری نادەستوریبوونی ئەو پڕۆژەیاسایەی دا. هەڵبەت، لە نموونەیەکی پێچەوانەدا، کاتی خۆی کە یاسای بەڕێوەبردنی دارایی دەوڵەت لە ٢٠١٩ دا لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق دەرچوو، وێڕای ئەوەی کۆمەڵێك ماددە و بڕگەی نادەستوری لە خۆی گرتبوو، یاساکە پەسەند کرابوو، مەرسومی کۆماریشی پێدەرچوو بوو، بەڵام دادگا داوایەکی کە دژی نادەستوریبوونی یاساکە پێشکەش کرابوو، بە پاساوی ئەوەی کە یاسا تا نەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە نابێت تانەی نادەستوریبوونی لێ بدرێت، وەرنەگرت. ئەمەش بەڵگەیەکی زەقی دووفاقیبوون و پیادەکردنی سیاسەتی "بانێکە و دوو هەوا"یە لەلایەن ئەم دادگایەوە.

**چوارەم**، ئەم دادگایە لە ئێستادا ڕۆڵی هەموارکاری دەستوریشی بەخۆی داوە. لە کاتێکدا کۆت و بەندی توند بۆ هەموارکردنی دەستوری عێراقی بەگوێرەی ماددەکانی (١٢٦ و ١٤٢) لە پێناوی پاراستنی ماف و دەسەڵاتەکان دانراون. بەڵام ئەم پێکهاتەیەی ئێستای دادگای فیدراڵی، وێڕای نادەستورییبوونییەکەی، کەچی دەسەڵاتی بەخۆی داوە کە هەمواری دەقەکانی دەستور بکات. بۆ نموونە، دەستوری عێراق لە ماددەی (١١٠)دا بە هیچ شێوەیەك بەڕێوەبردنی سامانە سروشتیی‌ەکان، لە نێویاندا نەوت و گازی،

بە دەسەڵاتی حەسری حکومەتی فیدراڵی دانەناوە. بەڵکو ماددەی (١١٢، برگەی یەکەم)ـی لە دەستوور جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە کە بەڕێوەبردنی نەوت و گاز لە دەسەڵاتە هاوبەشەکانی حکومەتی فیدراڵی و هەرێمەکانن کە تایبەتە بە بەڕێوەبردنی ئەو کێڵگانەی پێش نوسینەوەی دەستووری هەمیشەیی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٥ لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە بەڕێوەبراون، بەڵام لە ١٥-٢-٢٠٢٢ دا دادگای فیدراڵی بڕیارێکی دەرکرد و سەرجەم یاسای نەوت و گازی کوردستان، ژمارە (٢٢)ـی ساڵی ٢٠٠٧ لەقفڵەم دا، بە بیانوو و پاساوی ئەوەی کە نەوت و گاز لە دەسەڵاتە حەسرییەکانی حکومەتی فیدراڵە. هەر بۆیە لەکاتی خۆیدا [بڕیارەکە بە تێکرایی لەلایەن هەر چوار دەسەڵاتەکەی هەرێمی کوردستان (پەرلەمان، حکومەت، سەرۆکایەتی هەرێم، ئەنجوومەنی دادوەری)ـەوە ڕەت کرایەوە.]

**پێنجەم**، هەروەك ئەم دادگایە ڕۆڵی پەرلەمان و هەموارکاری یاساکانیشی بەخۆی داوە. نوێترین نموونەش ئەو هەموو پێشێلکارییە یاسایی و دەستوورییانەیەتی کە لە حوکمی داوای ژمارە (٨٣) و هەردوو یەکخراوەکەی (١٣١) و(١٨٥)/ ئیتیحادی/ ٢٠٢٣ لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستانەوە، چەندین دەقی یاسایی تەشریع کردووە لە بەندەکانی (دووەم) و (سێیەم) و (چوارەم) و (پێنجەم)ی حوکمی ئاماژەپێکراودا هاتوون. [وردەکارییە نادەستوورییەکان و پێشێلکارییە دەستوورییەکانی ئەم بڕیارە لەلایەن ئەنجوومەنی شووڕای هەرێمی کوردستانەوە، بەرووونی و وردی خراونەتەڕوو.]

هەموو ئەمانەش بێگومان پێچەوانەی پرەنسیپی چەسپاو و باوی دیموکراسی‌ن کە خۆی لە "جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان" دەبینێت و کرۆکی سیستەمی حوکمڕانی دیموکراسی جیهانی لەسەر بنیاتنراوە و دەستووری عێراقیش لە ماددەی (٤٧) وەك بنەمایەکی سەرەکی و دەستووریی پیادەکردنی دەسەڵاتەکان لە عێراق دا چەسپاندوویەتی.

**دادگای فیدراڵی وەك چەکێکی کاریگەر لە ململانێ سیاسییەکانی عێراق دا**

وێڕای گرنگی و کاریگەریی دادگای فیدراڵی لە پیادەکردنی سیستەمی فیدراڵیدا، بەڵام هەمیشە ئەم دادگایە ئەگەر بە وریاییەوە سنووربەند نەکرێت و کارەکانی ڕێك نەخرێت، سەربۆ سەرهەڵدانی جۆرێکی مەترسیداری دیکتاتۆرییەت دەکشێت کە پێی دەگوترێت [("دیکتاتۆرییەتی دادوەریی" ( Judicial Dictatorship کە هەردوو بیرمەند و سیاسەتزان "ویلیام کوێرك" و "ڕاندال براداوێل" لە کتێبە ناودارەکەیان لە ١٩٩٥دا ڕوونیان کردووەتەوە.]

لە ئەزموونی فیدراڵیزمی ئەمەریکیدا، کە لە زۆر بواردا، بە تایبەتیش لە پرسی دادگای فیدراڵیدا، ئەزموونی عێراق چاوی لەو کردووە، مەترسییەکانی دادگای فیدراڵی لەسەر فیدراڵیزمی ئەمەریکی قۆناغ بە قۆناغ چارەسەر کراوە تاوەکو خراوەتە سەر ڕێچکە دروستەکەی خۆی. بۆ نموونە، دەستوری فیدراڵی ئەمەریکی کە لە ١٧٨٨ ـەوە پەسەند کراوە، تا ئێستا تەنها ٢٧ جار هەموار کراوەتەوە. لەو ژمارەیە ٨ هەمواریان بۆ ئەوە بووە کە دادگای فیدراڵی ئەمەریکی سنووری خۆی نەبەزێنێت و نەبێتە هەموارکاری دەستور. بە تایبەتیش هەمواری (٨) یان بۆ ئەوە بووە کە دادگای فیدراڵی نەبێتە هەموارکاری دەستور و سنووری دەسەڵاتی ویلایەتەکان نەبەزێنێت و دەستکارییان نەکات، وەك ئەوەی لە هەمواری ژمارە (١١)دا جێگیر کراوە.

بەڵام ئەوەی ئێستا لە عێراق دا دەگوزەرێت، سەرباری بەرجەستەبوونی تەواوەتی تیۆری "دیکتاتۆرییەتی دادوەریی" کە لە میانەی ڕەهاکردنی تەواوەتی دەست و دەسەڵاتەکانی دادگای فیدراڵییەوە، ئەو دیاردە مەترسیدارەش دروست بووە کە لە زانستی سیاسی و توێژینەوە ئاسایشییەکاندا بە "شەڕی یاسایی" (LAWFARE) ناوزەد دەکرێت.

لە نوێترین کتێبیاندا، دەیڤید پیترایوس و ئەندرو ڕۆبیرتس بە ناونیشانی پێکدادان: گەشەی شەڕوشۆڕ لە ١٩٤٥ تا شەڕی ئۆکرانیا (Conflict: The Evolution of Warfare from 1945 to Ukraine)،

بە روونی باس لە شێوەو شێوازی نوێی جەنگ لە ئاستی جیهان و کەرەستەکانی رووبەڕووبوونەوە دەکەن. یەک لەو بابەتانەی کە جەختی لێدەکەنەوە و وەک چەمکێکی نوێ لە دنیای ململانێکاندا زیاتر بایەخی پێدەدرێت، بابەتی بەچەکبوونی هەموو شتێک (Weopanization of Everthing) ە. لەم رووەوە باس لەوە دەکەن کە لە شەڕو پەلامارەکاندا، مەرج نییە چەکی کلاسیک بەکاربێت، بەڵکو هەر لە زیرەکی دەستکردەوە بیگرە تا تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و نرخی گەنم و پیتێنەرە کشتوکالییەکان، هەڵبژاردنەکان، کاریگەریی دانان لە سەر ڕای گشتی، فەیک نیوز، پەنابەران و درۆن و جەنگی یاسایی، بە بەشێک لە کەرەستەکانی هێرش و پەلامار و ڕووبەڕووبوونەوەکان دادەنرێن. ئەگەر بە وردی لە جوڵەی دادگای فیدراڵی بڕوانین و بڕیارەکانیان لە کات و بەستێنەکانی خۆیان ببینرێن، ئەوا بە روونی ئەم چەمکەی بەچەککردنی دادگای فیدراڵی بۆ پەلاماری سەر هەرێمی کوردستان دەبینرێت.

لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا، ئەم دادگایە چەندین بڕیاری قورس و چارەنووسسازی لەبارەی پرۆسەی سیاسیی عێراقەوە داون، بە تایبەتیش لە پرسی دەستکاریکردنی میکانیزمە دەستورییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆمار و خوڵقاندنی بیدعەی سیاسی "سێیەکی پەکخەر "الثلث المعطل" کە ئەم هەنگاوە وێڕای ئەوەی وای کرد کە لە ئێستادا وەك ئەوەی لە میدیای عێراق دا بە دیاردەی "حوکمکردنی دۆڕاوەکان – حكم المهزومين" ناوی دەبرێت و براوەی یەکەمی هەڵبژاردن ئاوت بکرێت و ڕکابەرە دۆڕاوەکانی جڵەوی حوکمڕانی بگرنە دەست، لە ئایندەدا ئەم ڕێچکەیە مەترسی گەورەتر لەسەر دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە عێراق دا دەخوڵقێنێت. [ئەم مەترسییانەش لە هەڵسەنگاندنێکی وردی پەیمانگای واشنتۆن بۆ سیاساتی ڕۆژهەڵاتی نزیک (Washington Institute For Near East Policy) خراونەتە ڕوو.]

تایبەت بە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقیش، ئەم دادگایە بەردەوام لە هەوڵی زاڵکردنی باڵادەستی و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی لەسەر حیسابی دەسەڵاتە دەستورییەکانی هەرێمی کوردستان بووە. لەهەر کات و بوارێکیشدا بۆی ڕەخسا بێت لە میانەی بڕیارەکانیەوە گورزی لە پێگەی دەستوریی و سیاسی و ئابوری و دارایی هەرێمی کوردستان داوە. بە جۆرێك لە ٣ ساڵی ڕابردوودا ١١ بڕیاری دژی هەرێمی کوردستان دەرکردووە، کە دواهەمینیان بڕیارە نایاسایی و نادەستوریی و تەواو سیاسییەکەیەتی لەبارەی یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ ی هەموارکراوەوە. کە [ئامانج لێی "بەلوبنانکردن"ی هەرێمی کوردستان و سەپاندنی سیستەم و پرۆسەیەکی هەڵبژاردنی پێشوەختە دیزاینکراوە لە هەرێمی کوردستاندا.]

[هەربۆیە بە وریاییەوە، هەروەك لە بەیاننامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕێکەوتی ١٨-٣-٢٠٢٤ دا روون کراوەتەوە، بەرپرسیارێتی نەتەوەیی و نیشتیمانی دەخوازێت کە ڕێگە لەم دامەزراوە دادوەرییە بەسیاسییکراوە بگیرێت.] بەڕێز دادوەر "عەبدولرەحمان زێباری"یش لە یاداشتی کشانەوەی خۆی لە دادگاکە بەڕوونی [ڕایگەیاند کە ئەم دامەزراوەیە لە ڕێچکەی دەستوری خۆی دەرچووە و ئامرازێکە بۆ جێبەجێکردن و سەپاندنی ئەجێندای سیاسیی.]

بۆیە لەگەڵ ئەو ١٤٣ هێرش و پەلامارە درۆنی و مووشەکییانەی کە لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا بۆ سەر هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کراون و هاوشانی ئەو گوشارە ئابووریی و سیاسەتی برسیکردنەی کە دەرهەق بە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان پەیڕەو دەکرێت، دادگای فیدراڵییش کراوەتە چەکێکی کاریگەر لە ململانێ سیاسییەکاندا کە ئامانجە گەورەکەی بچووککردنەوە، یان جێبەجێ کردنی خەونی نەهێشتنی قەوارەی دەستوریی هەرێمی کوردستانە.

خۆ ئەوە بەکارهێنانیشی دژی ڕکابەرە سیاسییەکان لەسەر ئاستی عێراقیش، ڕوون و بەرچاوە. هەر لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەندامێتی و سەرۆکایەتیکردنی پەرلەمانی عێراق [(محەممەد حەلبووسی)]، تا

هەڕەشەکانی سەر (مەشعان جبووری) بە لێسەندنەوەی مافی ئەندامێتیەکەی لەلایەن سەرۆکی دادگاکەوە، ئەگەر مل بە ئەجێندایەکی دیاریکراو نەدات، نموونەی بەرچاون.

لەبەرامبەر ئەمانەشدا، یادداشتکردنی سەرۆکی دادگاکەش بە کاندیدکردنی کوڕە تەمەن ٢٨ ساڵانەکەی بۆ ئەوەی ببێتە پارێزگاری دیالە، موویەکی دیکەی نێو ماستە شڵەقاوەکەی عێراقە.

**هاوپێچ**، ئەو ١١ بڕیارەی کە ئەم پێکهاتەیەی دادگای نادەستوری فیدڕاڵی عێراق لە ماوەی ئەم ٣ ساڵەدا دژ بە هەرێمی کوردستان و پێگە و دەسەلاَت و بەرژەوەندییەکانی داویەتی:

١. الدعوى المرقمة ١٧ /اتحادية/ ٢٠٢٢ في ٢٥-١-٢٠٢٣ (عدم دستورية قرار مجلس الوزراء الاتحادي بخصوص تمويل اقليم كوردستان ).

٢- الدعوى المرقمة ٢٣٣ وموحداتها ٢٣٩ و٢٤٨ و٢٥٣ /اتحادية/ ٢٠٢٢ في ٣٠-٥-٢٠٢٣ (عدم دستورية قانون استمرار الدورة الخامسة لبرلمان الاقليم ).

٣- الدعوى المرقمة ٢٣٠ /اتحادية/ ٢٠٢٢ في ٣٠-١١-٢٠٢٢(عدم دستورية المادة ١٨ من قانون تعديل تطبيق الاحوال الشخصية في اقليم كوردستان رقم ١٥ لسنة ٢٠٠٨ ).

٤- الدعوى المرقمة ١٥٦ وموحدتها ١٦٠ /اتحادية/ ٢٠٢٢ في ٢٦-٩-٢٠٢٢ (عدم دستورية المادة ثانيا-اولا من قانون المفوضية العليا النستقلة للانتخابات والاستفتاءات في اقليم كوردستان- العراق رقم ٤ لسنة ٢٠١٤).

٥- الدعوى المرقمة ١٤٣ /اتحادية/ ٢٠٢٢ في ١-٣-٢٠٢٣ (عدم دستورية المادة ٤٦ من قانون وزارة التعليم العالي والبحث العلمي في اقليم كوردستان رقم ١٠ لسنة ٢٠٠٨ ).

٦- الدعوى المرقمة ٥٩ / اتحادية/ ٢٠١٢ وموحدتها ١١٠ /اتحادية/ ٢٠١٩ في ١٥-٢-٢٠٢٢(عدم دستورية قانون النفط والغاز لاقليم كوردستان رقم ٢٢ لسنة ٢٠٠٧ ).

٧- الدعوى المرقمة ٨٣ وموحدتيها ١٣١ و١٨٥ /اتحادية/ ٢٠٢٢ في ٢١-٢-٢٠٢٤(عدم دستورية نصوص من قانون انتخاب برلمان كوردستان -العراق رقم ١ لسنة ١٩٩٢ المعدل ).

٨- الدعوى المرقمة ١٧٨ / اتحادية/ ٢٠٢٣ في ١٥-١٠-٢٠٢٣( عدم دستورية القانون رقم ٤٢ لسنة ٢٠٠٤ والخاص بتعديل تطبيق المادة ٤٠٨ من قانون العقوبات العراقي رقم ١١١ لسنة ١٩٦٩ في اقليم كوردستان ).

٩- الدعوى المرقمة ١٢٤ / اتحادية/ ٢٠٢٣ في ٢٤-٩-٢٠٢٣ (عدم دستورية المادة ٢ من القانون رقم ٢ لسنة ٢٠١٩ قانون التعديل الاول لقانون محافظات اقليم كوردستان رقم ٣ لسنة ٢٠٠٩ ).

١٠ - الدعوى المرقمة ١٧ / اتحادية/ ٢٠٢٢ في ٣١-١-٢٠٢٢ ( الغاء قرار مجلس النواب بخصوص قبول ترشيح السيد هوشيار الزيباري لمنصب رئيس الجمهوري ).

١١- الدعوى المرقمة ٢٢٤ وموحدتها ٢٦٩ / اتحادية/ ٢٠٢٣ في ٢١-٢-٢٠٢٤ ( الزام حكومة الاقليم بتسليم الواردات النفطية وغير النفطية الى الحكومة الاتحادية).

هێمن هەورامی ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستانە